# دواین هەواڵی پەنابەرانی سەر سنوری ئوردن — عێراق

کوردەکانی دانیشتوی کەمپی زۆرەملێی ئەلتاش لە نێزیک شاری ڕومادی هەموو ڕۆژی ڕێگای پڕ مەترسی چارەنوسی نادیار ئەگرنە بەر و ڕووە و سنورەکانی عێراق ئوردەن ئەکەونە ڕێی کە بەداخەوە توشی گەلی کارەسات و تەنانەت تێدا چونیش دەبن.
ئێستا ژمارەی ئەو کەسانەی خۆیان گەیاندەوەتە سنوری نێوان وەڵاتانی ناوبراو گەیشتوەتە 132 کەس .
ئەم خەڵکە لە ترسی نائەمنی کەمپی ئەلتاش و نادیاری داهاتویان و بە هیوای بەردەوامی ژیان تەنیا چارەیان ئەوەیە خۆ بگەیەننە وەڵاتی ئوردن کە نۆێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەری وەریان بگرێ و بەرەو وەڵاتی سێهەم دەرباز بېن.
بەڵام بەداخەوە بەهوی سیاسەتی نامروڤانە و دور لە ئوسولی وەڵاتی ئیسلامی ئوردن کە مروڤ تەنیا وەک بەردە سەیر ئەکەن و سیاسەتیان بەرانبەر بە کوردان بەردەوامی سیاسەتی سەدام حسێنە ڕێگا ناداتە ئەو خەڵکە هەژار و لێقەوماوە بێنە ناو ئەو ئوردوگایەی نەتەوە یەکگرتوەکان چاوەدێری دەکا و دانیشتوەکانی کوردی ڕوژهەڵاتی کوردستانن و پێشتر لە کەمپی ئەلتاش دا ژیاون.
ئێمە وەک کۆمیتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی ئەلتاش کە دیارە کار و خەباتی ئێمە بۆ ئاوارەکانی سەر سنور و کەمپی ئەلکەرامەشە داواکارین لە سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵە کوردیەکانی دەرەوەی وەڵات کە لە بەرانبەر چارەنوسی ئەو خەڵکە دەربەدرە بێ دەنگ نەبن و بە هەر شێوەیەک بۆیان مومکینە پێوەندی بە دام و دەزگا ناونەتەوەیی و ئەو وەڵاتانەوە بگرن کە تێایان دا ئەژین و بە نامە و مایل و فاکس داواکار بن کە ئاوڕ لەو خەڵکە بدرێتەوە کە زوربەیان ژن و منداڵ و نەخۆشن
.

ئەمرۆ 27-2-2005 وەفدێکی ئەمریکایی و کانادایی سەردانی ئاوارەکانی سەر سنوریان کردوە و داوایان لێ کردوون کە بگەڕێنەوە بۆ کەمپی ئەلتاش . بێگومان لەم کارە دا دەوڵەتی ئوردن و ئێراق و ئێران ڕوڵیان هەیە و ئەیانەوێ ئەو خەڵکە هەژارە بۆ مەبەستی جیاواز بە کار بێنن...
هەروەها ماوەیەک لەمەوبەر هێزەکانی ئیمریکایی هێرشیان بردوەتە سەر ئوردووگای ئەلتاش و چەند کەسێکی گۆمانلێکراویان گرتوە کە سەر بە دەزگای ئاسایشی ئێرانی بوون و لە ئوردوگاکەدا چەند کەسێکی دانیشتوی ئوردووگایان ڕفاندوە و هەتا ئێستا بێ سەرو شوێنن و ئەمەش ئەوە نیشان ئەدات کە ئەو خەڵکە لە ئوردوگای ڕومادی لە ژێر هێرشی چەند لایەنەی ئێران و عەرەبە توندڕەوەکان و جەماعەتی تروریستەکان دان و ژیانیان لە مەترسی جیدی دایە و ڕوژانە ئوردوگاکە بە جێ دێڵن و یارمەتییان زوور پێویستە.
ئێمە وەک کۆمیتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی ئەلتاش چەندین جار داوامان لە حیزبەکانی ڕوژهەڵات کردوە کە بە فریای ئەو خەڵکەوە بێن و لەو پێوەندیانەی هیانە کەڵک وەرگرن کە حکومەتی کوردستان هەوڵی بدا و تەنانەت نامەی تایبەتیشمان بۆ بەرێز عەبدوڵای موهتەدی سەروکی کۆمەڵەی شوڕشگێران ناردوە بەڵام بەداخەوە بێ وەڵام ماوینەتەوە و ئەمەش نیشانەی

ئەوەیە کە ئەو لایەن و کەسایەتیانە بڕوایان بە دیموکراسی و مافی مروڤ و ڕێزگرتن لە کەسەکانی ناو کۆمەڵگا نیە .

بۆ ئاگاداری جەماوەری کوردستان ئێمە هەر ئەو نامەیەمان بۆ لایەنە بێگانەکان ناردوە و 7 پارلەمانتاری ئەروپایی وەڵامیان داوینەوە و دەیان کەس و لایەنی جوراوجوریش بە نامە و تەلەفۆن وەڵامیان داوینەوە کەچی لایەنە کوردیەکان حازر نیەن بچوکترین پێوەندیمان لەگەڵ بگرن .

تکا و داوامان لە هەمو ئەوکەسانەیە ئەم بانگەوازە ئەخۆێنەوە لە لای خۆایانەوە بکەونە جم و جوڵ و بێ گومان هەوڵی گشتگرتر کاریگەری باشتری دەبێ و تا ئێستا نەتیجەشی هەبوە .

کومیتەی پشتگیری لە پەنابەرانی کەمپی ئەلتاش 20050227

hiwagol@hotmail.com